https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.14

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# کارایی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە فێرکردنی هەندێک یەکەی

## بابەتی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و وەبەرهێنانیان

م. ی. ئالان پشتیوان کریم
Alan.kareem@soran.edu.iq

**پوختەی توێژینە وە:**

ئاراستەیەکی نوێیە بەرەو بەکارهێنانی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە وانەگوتنەوە، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە دۆزینەوەی ناسینی ئەو ستراتیژییەیە لە سەر کاراکردنی ڕۆڵی قوتابییان لە کرداری فێربوون و خوێندن و وەبەرهێنانی بە شێوەیەکی زانینانە و هزرییانە لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان. ڕێبازی نیمچە ئەزموونکاری لە بەراوردکاریی نێوان کۆمەڵەی ئەزموونکاری (١٢) قوتابی، کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو (١٢) قوتابی بەکارهێنرا. کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو بە ڕێگە و شێوازی نەریتیانە و کۆن وانەیان پێ گوترایەوە و کۆمەڵەی ئەزموونکاریش بە ڕێگەی فێربوونی هەڵگەڕاوە وانەیان پێ گوترایەوە. هەڵسەنگاندنی شیکردنەوەی جیاوازی هەمەجۆر بۆ دۆزینەوەی بوونی جیاکارییە بەڵگەدارییە ئامارییەکانی نێوان ناوەندێتییەکانی هەردوو کۆمەڵەکە سەبارەت بە گۆڕدراوە پاشکۆییەکان بەکارهێنرا: بەدەستهێنان و فێربوون و کاراکردنی ڕۆڵی قوتابییان و وەبەرهێنانی، ئەنجامی بوونی جیاکاریی بەڵگەداریی ئاماری لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونکاری لە ناوەڕاستی بەدەستهێنان و هەروەها لە وەبەرهێنانی فێربوونیشیدا دەرخست.

کلیلە وشەکان (الكلمات المفتاحیه): فێربوونی هەڵگەڕاوە، وەبەرهێنان.

## کارایی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە فێرکردنی هەندێک یەکەی بابەتی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و وەبەرهێنانیان

### یەکەم/ پێشەکی:

ئێستا لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا دەژین، کە بۆتە یەکێک لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی ژیان، وەرگرتن و بەکارهێنانیشی شێوەیەکی لە نوێخوازی و هاوشانبوون و ڕێکردن لەگەڵ سەردەمدا پێکهێناوە. ئێستاش هوشیاری بەرانبەر چەمکی تەکنەلۆژیا، ئەرکییە ببێتە هۆی بەگەڕخستن و قۆستنەوەی سەرکەوتووانە و کاراو کاریگەر لە بوارە جیاوازەکانی خوێندن و وانەگوتنەوەدا، لە ناوەندە گشتییەکان و لای هەندێک لە پەروەردەکارانیش بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بە هەڵە، یان بە تێکەڵکردنی لەگەڵ هیتر بەکارهێنراوە، بۆیە پێویستیی ڕوونکردنەوەی ئەو زاراوەیە بۆتە کارێکی بنەڕەتی و سەرەکی.

ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنە زانستییەش، بۆتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاریی کرۆکی و گرنگ لە سەرجەم بوارەکانی ژیان، بەمەش پێڕەوی پەروەردەیی چەندین بزووتنەوەی بە خۆوە بینیوە کە بانگەوازیان بۆ پەرەپێدانی خوێندن و فێرکردن کردووە، لە ڕووی ئامانجەکانی و پرۆگرام و ئامرازەکانییەوە، ئەوەش تاکو فێرخواز بتوانێت هاوشانی پەرەسەندن و توانای ژیانی لە سەردەمێکدا هەبێت کە تەکنیکە پەرەسەندووەکان لە ئەنجامی پەرەسەندنی خێرا لە بواری کۆمپیوتەر و هۆکارە هەمەچەشنەکانی باڵیان بەسەردا کێشاوە، بەمەش پەروەردەکاران پێویستیی چوونە ناو کرداری پەروەردەیی و فێرکردنیان بە پێویست زانی، وەکو یەکێک لە پێشهاتە پەروەردەییەکان کە بانگخواز بۆ نوێخوازیی خوێندن و فێرکردن و وانەگوتنەوە دەکات. (لافي، ٢٠١٢،ل١٢)

ئێستاش مامۆستا پێویستییەکی ئێجگار زۆری بە بەکارهێنانی ڕێگە هاوچەرخ و نوێیەکانی وانەگوتنەوە هەیە، کە بریتییە لە وروژاندنی پاڵنەرێتیی قوتابی، چونکە ئەرکی مامۆستای ئەمڕۆکە، تەنها لە سەر ڕاڤەکردن و وانە پێگوتنەوە و گرتنەبەری ڕێگە کۆن و نەریتییەکان لە فێرکردنی ئەوانەی تازە دەست پێ دەکەن ڕانەوەستاوە، بەڵکو بەرپرسیارێتیی یەکەمی نەخشەکێشانی ستراتیژیی فێربوونی ئەو کارامەییانەیە کە لەگەڵ توانا و پێداویستییەکانی فێرخوازان دەگونجێت، لەبەر ڕۆشنایی سوودوەرگرتن لەو پەرەسەندنانە، کە تیایدا پشت بە بەکارهێنانی شێوازە نوێیەکان دەبەستێت لە فێربوون بۆ هێنانەدیی ئامانجێکی دیاریکراو.

( زغلول واخرون: ٢٠٠١،لا ١٧٩)

وانەگوتنەوە بە یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی کرداری فێرکردن لە پێڕەوی فێرکردن و خوێندن دادەنرێت، چەندین ڕێگەی وانەگوتنەوە سەریان هەڵدا و هاتنە ئاراوە کە ڕۆڵی مامۆستا تیایاندا وەکو تەوەرێکی سەرەکی لە کرداری فێرکردنی فێربوونی دوای مامۆستا زیاتر دەردەکەوێت، بۆ بەکارهێنانی چالاکییە هزری و خودییە جیاوازەکان، کە ئامانجی هاندانی قوتابییانە لە سەر توێژینەوە و گەڕان و پرسیارکردن، کە وای لێ دەکات توانای بیرکردنەوەی زانستی و لۆژیکی هەبێت، چ لە چوارچێوەی هێنانەدیی پێداویستییەکانی خوێندن بێت، یان لە چارەسەرکردنی ئەو پرس و گرفتانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و بە شێوەیەک لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا ڕێ دەکات کە بە خێرایی ناسراون.

لەو هەنگاوەی پێشووەوە، ستراتیژی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە ستراتیژییە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی قوتابخانەی ئایندەیە کە تیایدا تەکنیک و تەکنەلۆژیا بە بزووێنەری بنەڕەتی و سەرەکیی ڕەوڕەوەی گۆڕانکاریی

پەروەردەیی دادەنرێت، بەوپێیەی دەروازەی بنەڕەتییە دوای وزە مرۆییەکان لە بەدەستهێنانی زانیارییەکان و زانینە جیاوازەکان، لەوانەیە ئەوەی بەڵگەی بایەخی ئەو ستراتیژییە بێت، ئەوەیانە کە ئەو لێکۆڵینەوانە تاووتوێیان کردووە، وەکو لێکۆڵینەوەی (بووت، ٢٠١٤، Butt)و لێکۆڵینەوەی (بۆڵ، ٢٠١٣، Ball)، کە کاریگەریی ئاشکرایان لەسەر کاراکردنی ڕۆڵی قوتابی هەیە لە هێنانەدیی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان لە کرداری فێرکردنی فێربووندا (التعليم التعلميه)، ئەوەش بە زیاتر کاراکردنی ستراتیژییەکە لای قوتابییان لە هەمان ستراتیژی، وەکو ستراتیژیی فێربوونی چالاک، کە وا لە قوتابی دەکات  توێژەر و شارازە و بیرمەندی ئەو بابەتانە بێت کە تاوتوێیان دەکات، هەروەها ستراتیژیی فێربوونی هەرەوەزی کە وا لە قوتابی دەکات ڕۆڵێکی کارای لە مشتومڕکردن لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا هەبێت و بۆ هێنانەدیی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکانیش لەو بابەتەی تاووتوێ کراوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات. هەروەها ئەم ستراتیژییە کار لەسەر خودفێربوونی قوتابیش دەکات بەپێی خود هەنگاونان بۆ فێربوون بە ڕەچاوکردنی جیاکارییە تاکییەکانی لە هێنانەدیی ئامانجی چاوەڕوانکراو لە کرداری فێربووندا.

ئامادەکردنی مامۆستایان دەتوانن ئامرازە تەکنەلۆژییە هاوچەرخە بەردەستەکان لە خزمەتی هەڵوێستە فێربوونییەکان بەگەڕبخەن، کە پێویستییان بە نوێکردنەوەی ئەو ڕێبازە ئەکادیمیانە هەیە کە قوتابییانی کۆلیژی پەروەردە دەیخوێنن و لەگەڵ ڕۆڵی مامۆستا لە جیهانێکی گۆڕدراو و پەرەسەندوودا بگونجێت و ڕەنگدانەوەی بەرنامەکانی کۆلیژی پەروەردەو ڕۆڵی گرنگی تەکنەلۆژیای فێرکردن و پەیوەندیکردن بێت. (سیفین، ٢٠١١, لا٢٧)

**دووەم/ گرفتی توێژینەوە:**

ئاوێتەکردنی تەکنەلۆژیا لە کرداری فێرکردندا، بۆتە پێویستییەکی سەردەم، نەک وەکو ئیمتیاز، یان ڕابواردن و خۆشگوزەرانی، بۆئەوەی وا لە تەکنەلۆژیا بکرێت ببێتە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و سەرەکی لە کرداری فێرکردن، دوای ئەوەی لەوە تێگەیشتین و شارەزابووین کە فێرکردن و خوێندنی نەریتیی کۆن لەگەڵ نەوەی "ئایپاد"دا ناگونجێت و ڕێگا نەریتی و کۆنەکانی وانەگوتنەوە سوودێکی ئەوتۆیان نەماوە و سەرنجی قوتابی بۆ فێربوون ناوروژێنێت، لە سۆنگەی ئەوەی لەگەڵ ژینگەی دەرەوەی قوتابخانەیدا ناگونجێت، بە جۆرێک کە تەکنەلۆژیا ڕووبەرێکی فراوانی لێ داگیر و سەرقاڵ کردووە، بەمەش ئەم نەوەیە پێویستی بە تەرخانکردنی تەکنەلۆژیا هەیە، بۆ زیاتر وروژاندن و جۆش و خرۆش پێدانی ڕەگەزەکانی ژینگەی فێرکردنی هەمەجۆر، لەوانەش پرۆگرامی خوێندن و پۆلەکانی خوێندن و ئامرازە کاریگەرەکانی پەیوەندیگری (التواصل) و پرسە فێرکردنەکانی نێوان مامۆستا و فێرخواز وەکو وەڵامدانەوەی پێداویستییە تاکی و تایبەتییەکان بۆ هەر قوتابییەک لە بواری فێربووندا. (الشامسی،٢٠١٣, 27 )

لە میانی ئەوەی پێشکەشکرا، توێژەر تێبینیی ئەوەی کرد کە کرداری وانەگوتنەوە تا ئێستاش تا ڕادەیەک لاوازە و ڕەگەزی نوێگەری و نوێکردنەوەی تێدا کەمە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی مامۆستایان لە کرداری وانەگوتنەوەدا ڕێگە نەریتی و کۆنەکان بەکاردەهێنن (ڕاڤە و نموونە)و ئارەزوونەکردن لە نوێبوونەوە و پەرەسەندنی زانستی کە لە تەکنەلۆژیای فێرکردنی هاوچەرخدا هەیە، لەم سەردەمی تەکنەلۆژیا و تەقینەوەی تەکنیکی و زانین و ڕۆشنبیرییەدا، زۆر پێویستە هاوشانی ئەو پەرەسەندنە بین و لەگەڵیدا ڕێ بکەین و بژێین و سوودی لێ وەربگرین و داهێنانەکانی خۆیشمان بەوانی تر ببەخشین و توانا و نوێکارییەکانی

خۆمانیان بۆ دەربخەین، کە لەوانەیە گرنگترین کارامەییەکانی خوێندن و وانەگوتنەوەی هاوچەرخ، کارامەیی بەکارهێنانی خستنەگەڕ و بەکارهێنانی "کۆمپیوتەر و سمارت فۆن و نێت" بێت، بۆ بەرژەوەندیی بابەتەکانی خوێندن و وانەگوتنەوە، بە نوێبوونەوە و گۆڕانکاری و دەرچوون لەو ڕۆتینە دووبارەبووە هەیە، کە بە زۆری لەناو هۆڵەکانی خوێندندا باڵی بەسەر کرداری خوێندن و وانەگوتنەوەماندا کێشاوە، تەکنەلۆژیاش کە توانایەکی کاریگەری لە کارلێک لەگەڵ قوتابییاندا هەیە لە میانی بەرنامە پەرەسەندووەکانی فێرکردن بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی کرداری فێربوون و پەروەردە و ڕەفتاری جۆراوجۆر، هەروەها توانای کورتکردنەوەی کات و دارایی هەیە، سەرباری کەمکردنەوەی ماندووبونی مامۆستا و فێرخوازیش.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، گرفتی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە پێویستیی زانینی کاریگەریی کارایی ستراتیژیی فێربوونی پێچەوانە لە فێرکردنی هەندێک یەکەی بابەتی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و وەبەرهێنانیان لای فێرخوازان و کاراکردنی ڕۆڵی لە کرداری فێرکردن و فێربووندا.

**سێیەم: بایەخی توێژینەوە:**

بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە کاراکردنی ڕۆڵی قوتابییە، تاکو ببێتە چەق و تەوەری کرداری فێرکردن و خوێندن لە لایەک و لە لایەکی تریش زانینی کارایی ستراتیژی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە کاراکردنی ڕۆڵی قوتابی لە کرداری فێرکردن و فێربوون، لەگەڵ پێشکەشکردنی کۆمەڵە پێشنیاز و ڕاسپاردەیەک بۆ چاککترکردنی واقعی ڕێگەکانی فێرکردنی کارامەییەکانی وانەگوتنەوە و بەرەوپێشبردنی کرداری فێرکردن و فێربوون لە خوێندن، ئەوەش لە میانی: ئاراستەکردنی بایەخی تایبەتمەندان و پسپۆڕان بۆ بایەخی بەگەڕخستنی ستراتیژییەکانی وانەگوتنەوەی هەمەجۆر کە ڕۆڵی بەرچاویان لە وەبەرهێنانی فێرکردنی کارامەییەکانی وانەگوتنەوەدا هەیە

له سایەی دەوڵەمەندیی زانیارییەکان و تەکنیکە پەرەسەندووەکانەوە. ئەو وەبەرهێنانەی کۆشش بۆ بونیادنانی فێربوونێک دەکات کە توانای گفتوگۆ و پەیوەندگیری (التواصل)ی لەگەڵ پێشهاتەکانی سەردەم و هەڕەشەکانیدا هەبێت، ئەوەش بە وەگەڕخستنی توانا و وزە مرۆییەکان وەگەڕخستنێکی ئامانجدارانە، کە پەرە بە دەرهاویشتەکانی کرداری فێرکردن و خوێندن لە مەیدانی وەبەرهێنانی فێرکاری و کات و توانا و داراییدا بدات.

**چوارەم/ ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. ناسین و زانینی کارایی ستراتیژی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە کاراکردنی ڕۆڵی قوتابی لە کرداری هەندێک ڕێگەی وانەگوتنەوە و وەبەرهێنان.

٢. ناسین و زانینی جیاوازییەکانی ئاستی خوێندنی قوتابی لە تاقیکردنەوەی زانین لە هەردوو کۆمەڵەکە، بە جیاوازیی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە.

**پێنجەم/ گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

١. جیاکاریی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەردوو ناوەندی پێوانەیی دواییینەیی (البعديين)ی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو و کۆمەڵەی ئەزموونکاری لە فێرکردنی هەندێک لە ڕێگەکانی خوێندن و وانەگوتنەوەدا هەیە.

٢. جیاکاریی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەردوو ناوەندی پێوانەیی دواییینەیی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو و کۆمەڵەی ئەزموونکاری هەیە لە ئاستی کاری قوتابییان لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنان لە هەردوو کۆمەڵەکە بە جیاوازیی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە و خوێندنیشەوە.

**شەشەم/ زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

- ستراتیژی: "زاراوەیەکی سەربازییە، مەبەست لێی هونەری بەکارهێنانی توانا بەردەستەکانە بە باشترین ڕێگە بۆ هێنانەدیی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان. (السليتی، ٢٠٠٨ ,لا١٤)

- ستراتیژی فێربوونی هەڵگەڕاوە: الشامی (٢٠١٣) بەوە پێناسەی کردووە، کە دڵی ئەرکەکانی فێربوونی نێوان پۆل و ماڵە، بە جۆرێک کە مامۆستا تەکنیکە هاوچەرخەکان و ئینتەرنێت بۆ ئامادەکردنی وانەگوتنەوە و خوێندن بقۆزێتەوە و بەکاربهێنێت، لە ڕێگەی شریتی بینینەوە (ڤیدیۆ)وە، تاکو قوتابییان لە ماڵەوە سەرنجی ڕاڤەکانی مامۆستایان بدەن، پاشان ئەو چالاکییانە ئەنجامبدەن کە ئەرکی ماڵەوەیە لە پۆلدا، ئەمەش تێگەیشتنی بە شێوەیەکی وردتر لە بابەتەکان بەهێز و پتەوتر دەکات.

-وەبەرهێنان: نوال (٢٠١٨) وای پێناسە کردووە کە مەبەست لێی لەم لێکۆڵینەوەیەدا، وەبەرهێنانی فێرکردنە بە شێوەیەکی زانین و هزریانەی ئەوتۆ کە توانای گفتوگۆ و پەیوەندگیری لەگەڵ جیهان هەبێت بەو دەرهاویشتانەی کە لەگەڵ داخوازییەکانی سەردەم و هەڕەشە و پێشهاتەکانیدا ڕێ بکات و بگونجێت. (البلوشية ،٢٠١٨،لا١٤٤)

**حەوتەم: سنووری توێژینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی ئەم سنوورەدا جێبەجێ کراوە:

- سنوورە مرۆییەکان: قوتابییانی قۆناغی سێیەمی کۆلیژی پەروەردە.
- سنووری شوێن: بەشی کوردی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سۆران.

- سنووری کات: کۆرسی یەکەمی خوێندنی ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٨_٢٠١٩).

- سنووری بابەتەکەی: یەکەی خوێندنی (هەندێک لە ڕێگەکانی وانەگوتنەوە) کە لە بابەتی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە هەڵبژێردراون.

**چوارچێوەی تیۆری**

**یەکەم-: فێربوونی هەڵگەڕاوە:**

تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و ئامراز و هۆکارەکانی، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پەرەسەندنی شێوازەکانی فێرکردن و فێربووندا گێڕاوە، هەروەها دەرفەتیشی بۆ شێوازەکانی فێربوون ڕەخساندووە، پێویستە کەشێکی پەروەردەییانەی کارا دابینبکات، کە یارمەتیی وروژاندنی بایەخی فێرخوازان و هاندانیان دەدات، سەرباری ڕووبەڕووبوونەوەی نێوانیان لە جیاکارییە تاکییەکان بە شێوەیەکی کارا. (ربیع، ٢٠٠٦, لا ٥٣)

باشترین کار و هەڵسوکەوتەکانیش دەربارەی خستنە خزمەتی تەکنیکە هاوچەرخەکان بۆ پەرەپێدانی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە، چەمکی فێربوونی هەڵگەڕاوە، ئەوەش بریتییە لە نموونەی پەروەردەیی کە مەبەستی بەکارهێنانی تەکنیکە هاوچەرخەکان و تۆڕی ئینتەرنێتە بە ڕێگەیەک دەرفەت بە مامۆستا بدات وانەکەی لە ڕێگەی گرتە ڤیدیۆ، یان پەروەندەی دەنگی (ملفات صوتیە)، یاخود هۆکارەکانی ترەوە ئامادە بکات، تاکو قوتابییان لە ماڵەوە، یان لە هەر شوێنێک بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکانیان، یاخود مۆبایلە زیرەکەکانیان، یان تەختە ئامێرەکانی تر پێش ئامادەبوونیان لە وانەکە سەرنجی بدەن. لە کاتێکدا کاتی وانەی خوێندنەکە بۆ گفتوگۆ و پڕۆژە و مەشقکارییەکان تەرخان و تایبەت بکرێت. لێرەدا ڤیدیۆ بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و سەرەکی لەم شێوازی

فێرکردنەدا دادەنرێت، چونکە مامۆستا گرتە ڤیدیۆیی لە سەر بابەتەکە ئامادە دەکات کە ماوەکەی لە نێوان (٥ بۆ ١٠) خولەک بێت و قوتابییانیش لە یەکێک لە پێگە و ماڵپەڕەکانی وێب، یان تۆڕەکانی پەیوەندگیریی کۆمەڵایەتی (شبکات التواصل الاجتماعی) بەشداری لەگەڵدا دەکەن. (زوحی، ٢٠١٤, لا١٥)

چەمکی فێربوونی پێچەوانەی قۆستنەوە و سوودوەرگرتنێکی زۆر لە کاتی مامۆستا لە گوتنەوەی بەشە وانەدا مسۆگەر دەکات، پاشان نەخشەسازی بۆ چالاکییەکانی ناو پۆل دەکات لە میانی جەختکردنەوەی لە سەر ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتانەی ئاستەنگ بۆ فێربوونیان دروستبووە و لێی تێنەگەیشتوون، دوای ئەوەی سەرپەرشتیی چالاکییەکانیان دەکات و پاڵپشتیی گونجاو پێشکەشی ئەوانە دەکات، کە پێویستییان بە بەهێزکردن و یارمەتیدان هەیە، بەمەش ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتن و فێربوونی زانستییانە لای سەرجەم قوتابییان لە ئاستێکی بەرزدا دەبێت، لەبەرئەوەی مامۆستا ڕەچاوی جیاکارییە تاکییەکانی نێوان فێرخوازانی کردووە. (زوحی، ٢٠١٤, لا٨)

**پێناسەی فێربوونی پێچەوانە (تعریف التعلم المنعکس):**

بە چەندین ناو و زاراوە ناوی فێربوونی هەڵگەڕاوە دەهێنرێت، لەوانەش وەکو: فێربوونی سەرەوژێر، فێربوونی هەڵگەڕاوە، فێربوونی پێچەوانەیی، یان پشتە پۆل (الفصل الخلفی)، چەندین پێناسەیشی هەیە، لەوانەش:

جۆنسۆن وا پێناسەی فێربوونی هەڵگەڕاوە دەکات، بەوەی یەکێکە لە شێوازەکانی فێرکردن کە پشت بە تەکنەلۆژیا دەبەستێت و پاڵێوراویشە بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریی ڕیشەیی و کرۆکی لە ڕەوشی فێرکردنی دامەزراوە فێرکارییەکان. (Johnson، ٢٠١٤, ٣٦)

دەکرێت پێناسەی  فێربوونی هەڵگەڕاوە بەوە بکرێت کە: "تەکنیکێکی فێرکردنە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت (چالاکیی کارلێکی ناو پۆل + ئەرکی فێرکردن لە دەرەوەی پۆل).  (Zhou & Jing، ٢٠١٤, لا١٠)

هەروەها (الخلیفە ومطاوع) وا پێناسەی فێربوونی پێچەوانەیی دەکەن بەوەی "شێوەیەکە لە شێوەکانی فێربوونی ئاوێتەکراو، کە تیایدا تەکنیکی هاوچەرخ وەگەڕدەخرێت، بۆ پێشکەشکردنی فێرکردنێک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی قوتابییان و داخوازییەکانی سەردەمدا بگونجێت و بسازێت.  (الخلیفە ومطاوع، ٢٠١٥, لا٢٦٩)

(الشرمان)یش بەوە پێناسەی دەکات کە بەشێکە لە بزووتنەوەیەکی فراوان، تیایدا فێربوونی ئاوێتەکراو و لێکۆڵینەوە یەکتر دەبڕن، پێیشی وایە کە ستراتیژییەکانی وانەگوتنەوە و خوێندن و شێواز و ئامرازە جیاوازەکانی کە کۆشش بۆ نەرمونیانی و کاراکردنی ڕۆڵی قوتابییان دەکەن، سەرباری ئەوەی وا لە کرداری فێربوون بکرێت کە چێژبەخشترو زیاتر مایەی سەرنجی فێرخوازان بێت. (الشرمان، ٢٠١٥, لا١٦٦)

**دووەم-: ئامانجەکانی فێربوونی هەڵگەڕاوە:**

بەگەڕخستنی فێربوونی هەڵگەڕاوەچاوەڕوان دەکرێت بێتەدی بریتییە لە: چاکترکردن و پەرەپێدانی هەڵسوکەوتەکانی فێرکردن لە ناو پۆل، بە شێوەیەک لەگەڵ ئەو ڕێسا و بنەمایانەدا بگونجێت بەوەی قوتابی تەوەری سەرەکیی کرداری فێرکردن و فێربوونە. ئامانجەکانی  فێربوونی هەڵگەڕاوە بریتین لە:

١.بەگەڕخستنی باشترین کات بۆ بەشە وانەی ناو پۆل، کە مامۆستا ڕووبەڕوو لەگەڵ قوتابییاندا ئەنجامی دەدات.

٢.بونیادنان و دابینکردنی ژینگە و کەشێکی کارلێک و بەشداریکردنی هەردوو لا لە ناو پۆل، بە مەرجێک قوتابی تەوەری سەرەکی بێت.

٣.جەختکردنەوە و سەرنجدان لە تێگەیشتنی قووڵی چەمکەکان و واتا و پەیوەندییەکان و پشت نەبەستن بە وەبیرهێنانەوە (التذکر).

٤.مەشقکاری و پیادەکاری (التدریب والتطبیق) و کارکردن لە سەر ناوەڕۆکی خوێندنی زانین لە ناو پۆل.

٥.ڕەچاوکردنی جیاکارییە تاکییەکان (الفروف الفردیە)ی نێوان قوتابییان لە ناو پۆل و پێشکەش کردنی پاڵپشتی و هاوکاری بۆ ئەو قوتابییانەی پێویستییان بە یارمەتیدانە. (دردسە، ٢٠١٤ :لا٤١)

**سێیەم- بایەخی فێربوونی هەڵگەڕاوە:**

دەکرێت بایەخی بەکارهێنانی فێربوونی پێچەوانەبە و شێوەیە دیاری بکەین کە هەر یەک لە (الشرمان، ٢٠١٥, لا١٨٤ ـ ١٠٢)و (Bergmann & Sams, 2012,pp 49-61) باسیان کردووە، بەم جۆرەی خوارەوە:

١. لەگەڵ داخوازی و پێدراوەکانی سەردەمی ژمارەییدا ڕێ بکات.

٢. قوتابی (فێرخواز) تەوەری کرداری فێرکردنە.

٣. قوتابییان خۆیان بەرپرسیارێتی فێربوونی خۆیان لەئەستۆدەگرن.

٤. جەختکردنەوە لە ئاستی فێربوونی باڵا.

٥. قوتابییان پەرچە خۆراکی یەکسەر دەدەن و لە کاری سەر کاغەز بۆ مامۆستا کەمدەکاتەوە.

٦. کاتی مشتومڕ و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا زیاتر دەکات.

٧. دەرفەتی پێویست بۆ هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردن پێشکەش دەکات.

٨. یارمەتیدانی ئەو قوتابییانەی لە ڕووی ئەکادیمییەوە کێشەیان هەیە.

٩. هەموو فێرخوازان بەشداری لە فێربووندا دەکەن.

**چوارەم- پاساوەکانی بەکارهێنانی فێربوونی هەڵگەڕاوە:**

چەندین پاساو هەن بۆ بەکارهێنانی فێربوونی هەڵگەڕاوە، وەک ئەوەی هەر یەک لە (الشرمان، ٢٠١٥، ل١٧١ـ-١٦٩)و ( Bergmann & Sams, 2012,p 67) باسیان کردووە و خۆیان لەمانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

١. کەڵەکەبوونی زانین کە جەخت لە سەر پێویستیی هەمەڕەنگ بوونی شێوازەکانی فێربوون و ئامرازەکانی دەکاتەوە.

٢. پەرەسەندنە تەکنەلۆژییە ململانێکارەکان و ئاراستەی فێرخوازان بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ، دەبینین قوتابییان زۆربەی کاتەکانی خۆیان لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بەسەر دەبەن، بۆ ئەمەش مۆبایل، یان تەختە ئامێرەکان، یاخود لاپتۆپ بەکاردەهێنن.

٣. هەندێک لە بابەتەکانی خوێندنی وەکو بابەتە پیادەکارییەکان، پێویستییان بە تێچووی ماددیی زۆرە، لەوانەیە قوتابخانە توانای دابینکردنی تێکڕای ئەو شتانەی نەبێت کە بابەتەکانی خوێندن لە تاقیگە پێویستیی پێیانە.

٤. زیادبوونی ژمارەی قوتابییان لە یەک پۆل و قەرەباڵغیی پۆلەکان، یان هۆڵەکانی خوێندن بە ژمارەی زۆری قوتابییان، کە لەوانەیە مامۆستاش کاتێکی درێژتر لە ڕاڤەکردنی بابەتەکانی فێربوون بۆ هەندێک قوتابی بەسەر بەرێت، ئەو قوتابییانەی بە تەواوی و شێوەیەکی پێویست زانیارییەکانیان پێ نەگەیشتووە.

٥. درێژیی بابەتی خوێندن و کەمیی کات، وا دەکەن مامۆستا توانای خستنەڕووی چالاکی و گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری لەگەڵ قوتابییان نەبێت، چونکە کات بۆ هەر یەک لە مامۆستا و قوتابی دیاریکراوە و پێویستە پابەندی بن، بەمەش کاتی تەواو بۆ مشتومڕ و گفتوگۆ و ئەنجامدانی کرداری پیادەکاری و چالاکییەکان نابێت، بە هۆی سنووردارێی کاتەوە.

٦. جیاکارییە تاکییەکانی نێوان قوتابی لە خێرا تێگەیشتن و وەرگرتن، چونکە هەندێک گرفت ڕووبەڕووی هەندێک قوتابی دەبنەوە، وەکو گرفتی لەبیرچوونەوە، لەوانەیە قوتابی هەندێک زانیاری، یان کارامەیی لەبیربکات، کە لە میانی بەشەوانەی خوێندن فێری بووە، بەمەش تووشی بێئومێدی دەبێت، لە کاتی وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکان و ئەرکەکانی لە ماڵەوە، هەروەها هەندێک قوتابی هەست بە بێزاری بکەن لە کاتی ڕاڤەکردنی وانەکە لە لایەن مامۆستاوە لە کاتی بەشەوانەی خوێندن.

٧. هەندێک لە مامۆستایان لەوانەیە ناچار بن، ئامادەی وانەگوتنەوە، یان بەشەوانە نەبن، ئەوەش یان بە هۆی باری خەراپی کەشوهەوا، یان بەهۆی دۆخێکی تەندروستی، هەروەها لەوانەیە قوتابیش بە هەمان شێوە ناچاری ئامادەنەبوون بێت لە قوتابخانە، بەمەش توانای دووبارەکرنەوەی ئەو وانانەی نەبێت کە تیایدا ئامادە نەبووە، یاخود لە بەر هۆکاری تر.

**پێنجەم:-قۆناغەکانی جێبەجێکردنی فێربوونی هەڵگەڕاوە:**

دەکرێت قۆناغەکانی جێبەجێکردنی فێربوونی هەڵگەڕاوە پوخت بکرێتەوە، وەک ئەوەی بەم شێوەیە: (دیاریکردن، شیکردنەوە، نەخشەسازیکردن، ڕێنمایی، یان ئاراستەکردن، پیادەکاری، هەڵسەنگاندن). (الکحیلی، ٢٠١٥: لا١٦٠)

١. دیاریکردن: دیاریکردنی بابەت، یان وانە، کە دەیەوێت پۆلەکە هەڵەوگێڕ بکرێت، بە مەرجێک شایانی پێچەوانەیی بێت.

٢. شیکردنەوە: شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ بەها و زانین و کارامەیی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ چەمکی گرنگ دەبێت بزانرێت.

٣. نەخشەسازیکردن: نەخشەسازیکردنی ڤیدیۆی فێرکاری، یان کارلێکی کە بابەتە زانستییەکە بە دەنگ و وێنەوە بگرێتە خۆی بە ماوەیەک کە لە دە خولەک زیاتر نەبێت.

٤. ئاراستەکردن، یان ڕێنمایی: ئاراستە و ڕێنماییکردنی قوتابی بۆ بینینی ڤیدیۆ لە ئینتەرنێت، یان پەپکە سیدیی ئاوێتەکراو لە ماڵ و هەر کاتێک بیەوێت.

٥. پیادەکردن: پیادەکردنی ئەو چەمکانەی کە قوتابی لە ڤیدیۆوە فێریان دەبێت لە بەشەوانە و لە میانی چالاکییەکانی فێربوونی چالاکی و پرۆژەکانەوە.

٦. هەڵسەنگاندن: هەڵسەنگاندنی فێربوونی قوتابی لە ناو پۆل بە ئامرازە گونجاوەکانی هەڵسەنگاندن.

**شەشەم: هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی ڤیدیۆی فێرکاریی فێربوونی هەڵگەڕاوە:**

کرداری بەرهەمهێنانی ڤیدیۆی فێرکاری، کردارێکی سەرپێیانە نییە، بەڵکو کردارێکی نەخشەبۆداڕێژراوی ورد و بایەخ پێدانێکی ئێجگار زۆرە، بە جۆرێک کە سوود لە هەر چرکەیەکی فیلمەکە وەربگرێت و خزمەتی وانەکە بکات. چەندین قۆناغیش هەن کە کرداری بەرهەمهێنانی ڤیدیۆی فێرکاری پێیاندا تێپەڕ دەبێت، لەوانە. (الشرمان، ٢٠١٥: لا٢١٥)

١. نەخشەکاریکردنی وانەکە: ڤیدیۆ بریتییە لە ئامرازێکی فێرکاری، بۆیە دەبێت مامۆستا بڕیاربدات، کە ئەو ئامرازە بۆ بابەتی وانەکە گونجاوە یان نا. هەروەها دەبێت نەخشەکاریی پێشوەختە، یان ورد بۆ ناوەڕۆکی ڤیدیۆکە بکرێت، چونکە ڤیدیۆ ئامرازێکی جیاوازە لە وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ، بەمەش لە سەر مامۆستا پێویستە جەخت لە سەر ڕوون و ڕەوانیی ناوەڕۆکی وانەکە بکاتەوە، ناشبێت بۆشایی زۆری تێدا بێت، بۆ ئەوەی قوتابی بێزار نەبێت.

٢. تۆمارکردنی ڤیدیۆ: دوای ئامادەکردنی ئامرازەکان، یان تەکنەلۆژیا کە مەبەستە لە تۆمارەکەدا بەکاربهێنرێن (بە ئامێری کۆمپیوتەر، یان مایکرۆفۆن، یاخود کامیراو ئەوانی ترەوە)، دوای ئەوە مامۆستا دەست بە ڕاڤەکردنی وانەکەی دەکات و پێویستە لە کاتی ڕاڤەکردنی وانەکە قوتابییەکانی لە مێشکیدا بێت، واتە بە جۆرێک وانەکە ڕاڤەبکات، وەک ئەوەی بۆ قوتابییان ڕاڤەی دەکات، لە لایەنە ئەرێنییەکانی ئەو ڕێگەیەش، لە هەر کاتێکدا بیەوێت توانای ڕاگرتنی تۆمارەکە و بەدواداچوونی دەبێت.

٣. تەواوکردنی ڤیدیۆ (تحرير فيديو): لە زۆر کاتدا ڤیدیۆ تۆمارکراوەکە پێویستیی بە چارەسەرکردنی هەندێک گرفت، یان پێویستیی بە زیادکردنی هەندێک ڕەگەزی دیکە هەیە. وەکو کرداری تەواوکردن و

چارەسەرکردنی فیلم تا ڕادەیەک کاتێکی درێژی پێویستە، بەڵام لەوانەیە ئەوەی بۆ فیلمەکە زیادی دەکات بنەڕەتی و پێویست بێت.

٤. بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ: دوای ئەوەی ڤیدیۆکە تۆمار و چارەسەریش کرا، ڤیدیۆکە بۆ بڵاوکردنەوەی بۆ قوتابییان ئامادەدەبێت.

**حەوتەم: لەو هەڵبژاردە بەردەستانەی مامۆستا بۆ بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ، ئەمانەی خوارەوە:**

١. دانانی گرتە ڤیدیۆکە لە تۆمارە ئەلیکترۆنییە کەسییەکان.

٢. بەکارهێنانی پێگە و ماڵپەڕەکانی وەکو یوتیوب.

٣. پێگە و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان.

٤. دابەشکردنی ڤیدیۆ لە ڕێگەی پەپکە سیدیی ئاوێتەکراو (CD).

**هەشتەم: لایەنە باشەکانی فێربوونی هەڵگەڕاوە:**

فێربوونی هەڵگەڕاوە، چەندین جیاوازی و لایەنی باشی هەیە لە کرداری فێرکردن، وەکو (الخليفه ومطاوع، ٢٠١٥:لا ٢٧٢-٢٧٥) باسی کردووە، بەم جۆرەی خوارەوە:

١. مسۆگەرکردنی قۆستنەوە و سوودوەرگرتنی کاتە لە پۆلدا.

٢. چاکترکردنی ئاستی بەدەستهێنانی زانیاری و پەرەپێدانی وەرگرتن و تێگەیشتنی وانەکان.

٣. هاندانی بەکارهێنانی باشتری تەکنیکی هاوچەرخ لە کرداری فێرکردن.

٤. هاندانی زیاتری قوتابییان بۆ ئامادەکردنی وانەکە و خۆئامادەکردن پێش کاتی وانەکە، ئەوەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کورت، یان نووسینی ئەرکی کورت لە سەر ئینتەرنێت، یان شیکردنەوەی پرسیارەکان و لە بەرانبەریشیاندا نمرەکان.

٥. دابینکردنی چالاکیی کارلێکی لە پۆل، کە جەخت لە سەر کارامەییەکانی ئاستی باڵا لە بواری زانیندا بکات.

٦. دابینکردنی ئازادیی تەواو بۆ قوتابی لە هەڵبژاردنی کات و خێرایی کە فێردەبن پێیان.

٧. دابینکردنی فیدباکی خێرای قوتابییان لە لایەن مامۆستایانەوە لە کاتی ناو پۆلەکە.

٨. هاندانی پەیوەندگیریی کۆمەڵایەتی (التواصل الاجتماعی) و فێرکاریی نێوان قوتابییان لە کاتی کارکردنیان لەناو کۆمەڵە هاوبەشکارییە بچووکەکان.

٩. یارمەتیدانی پڕکردنەوەی زانینە بۆشایی (الفجوە المعرفیە) کە بەهۆی ئامادەنەبوونی بە ناچاریی قوتابی، یان ئارەزوومەندانەی لە ئامادەنەبوونی لە پۆلی خوێندندا دێنە ئاراوە.

فالیۆن (Fulton، ٢٠١٢:ل١٤) ئاماژە بە جیاوازییەکانی فێربوونی هەڵگەڕاوە و بایەخەکەی لە کرداری فێربووندا دەکات، ئەوە لە میانی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. لە پێچەوانە فێربووندا دەرفەت بۆ قوتابی دەڕەخسێت بەپێی خێرایی لە فێربوون وانەکان وەربگرێت.

٢. ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی قوتابی لە ناو پۆل، یارمەتیی مامۆستا دەدات لە دەستنیشانکردنی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٣. نەرمونیانیی مامۆستا لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی بابەتی فێرکاری بە درێژایی کات دابین و مسۆگەردەکات.

٤. وەبەرهێنانی باشترین کات لە ناو پۆل.

**دەیەم: لایەنە خەراپ و کەموکوورپییەکانی فێربوونی هەڵگەڕاوە:**

وێڕای ئەو سوودەی لە وەگەڕخستنی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە کرداری فێرکاریدا بە دەستدێت، کەچی لە کەموکووڕی و لایەنی نەرێنی بەدەر نییە، وا لە خوارەوە هەندێک لەو لایەنە نەرێنییانەی ستراتیژی فێربوونی هەڵگەڕاوە دەخەینەڕوو، هەروەکو چۆن (دردسە، ٢٠١٤ , لا ٩٦ ) باسیکردووە:

١. مامۆستا پێویستیی بە توانا و کاتی زیاتر هەیە دوای دەوامی خوێندنی فەرمی.

٢. قوتابخانە ئەو توانا و سەرچاوانە دابیناکات و یارمەتیی مامۆستاش نادات بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆ.

٣. توانا و کاتێکی زیاتر و زۆرتری دەوێت بۆ ئامادەکردنی چالاکییەکانی ناوپۆل.

٤. گرفتی تەکنیکی لە سەر پێگەی دردسە، سنووری بۆ سوودی تاقیکردنەوەکە دانا.

٥. له سەر مامۆستا پێویست دەکات توانای زیاتر له کاتی جێبەجێکردنی بەشەوانەکە ببەخشێت.

٦. ماوەی خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکە دەبێ درێژتر بێت.

**یانزەیەم: فێربوون بە ڕێگەی ئاسایی  و فێربوونی هەڵگەڕاوە:**

هارون و سرحان (٢٠١٥)و الشرمان (٢٠١٥)و هەر یەک لە جۆنسۆن و ڕینەر (Johnson & renner 2012) هاوڕا و کۆکن لە بەراوردکردنی نێوان فێربوون بە ڕێگەی ئاسایی و فێربوونی هەڵگەڕاوە، بە جۆرێک کە  فێربوونی هەڵگەڕاوە لە ڕێگەی وانەگوتنەوەی ماڵەوە و مەشق و هەڵسوکەوتکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان دەستپێدەکات، کەچی فێربوون بە ڕێگەی ئاسایی لە ناو پۆل دەستپێدەکات و بە مەشقکردن لە ڕێگەی ئەرکەکانی ماڵەوە کۆتایی پێ دێت، بیشۆپ و ڤیلگەر (Bishop & verlger 2013) ئاماژەیان بەوە داوە کە  فێربوونی هەڵگەڕاوە تەنها بە فێربوونی پشتبەستوو لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دانانرێت، بەڵکو ئەویش فێرکردنێکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گونجاو و جۆری باش ئەنجامدەدرێت کە لەگەڵ ناوەڕۆکی فێرکردنەکە و تەمەنی قوتابییاندا بگونجێت، تاکو کرداری فێرکردنی فێربوون دەوڵەمەندتر بکات و کار لە سەر چاکترکردنی بەدەستهێنانی زانیاریی قوتابییان و پەرەسەندنیان بکات، ئەوەش لە میانی دووبارە پێکهێنانەوەی قۆناغەکانی کرداری فێرکردنی فێربوون و ڕێڕەوەکانی ئەنجامدەدرێت، چونکە لە کرداری فێربوونی هەڵگەڕاوە، ناوەڕۆکی نوێ لە ماڵەوە پێشکەشی فێرخواز دەکرێت، پێش ئەوەی لە پۆلی خوێندن بگەڕێتەوە، کەچی لە کاتی بەشەوانەی ناو پۆل، ناوەڕۆکی نوێ بەهێز، یان دەوڵەمەند دەکرێت، ئەوەش لە میانی ئەو پیادەکارییە کرداری و ئەزموونکاری یانەی فێرخواز ئەنجامیان دەدات، هەروەها چەندین مشتومڕیش لەگەڵ مامۆستا، یان هاوڕێکانی، هەموو ئەمانەش لە ژێر سەرپەرشتیی مامۆستادا دەبن، لە

میانی ئەوەدا کاتی بەشەوانەی ناو پۆل بۆ فێربوونی چالاک و کارا تەواو دەبێت، چونکە فێرخواز دەرفەتی تەواوی بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە بۆ دابیندەکرێت. ئەمەش ئاستی بەدەستهێنانی زانیاری و فێربوونی قوتابی زیاتر و بەرزتر دەکاتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارییەکانی:-**

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە :**

توێژەر ڕێبازی نیمچە ئەزموونکاری بەکارهێنا، ئەوەش بە پەنابردنە بەر یەکێک لە نەخشەسازییە ئەزموونکارییەکان، کە بریتییە لە نەخشەسازیی ئەزموونکاریی دوو کۆمەڵە، یەکێکیان ئەزموونکاری و ئەوەی تریش کۆنترۆلکراو.

**دووەم: بوارەکانی توێژینەوەکە:**

-**بواری جوگرافی:** کۆلیژی پەروەردە لە زانکۆی سۆران/ قەزای سۆران.

-**بواری** مرۆیی: قوتابییانی قۆناغی سێیەم.

-بواری کات**ی:** ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩).

**سێیەم:- کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە قوتابییانی قۆناغی سێیەمی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سۆران/ قەزای سۆران هەڵبژێردرا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ــ٢٠١٩) کە ژمارەیان (٣٦) قوتابی بوو.

**چوارەم: نموونەی توێژینەوە :**

**یەکەم:** توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی بە ڕێگەی هەڕەمەکییانە هەڵبژارد، کە ژمارەیان گەیشتە (٣٦ قوتابی) لە قوتابییانی قۆناغی سێیەمی کۆلیژی پەروەردەی سۆران لە قەزای سۆران، پاشان دابەشکردنیان وەکو لە خشتەی ژمارە (١) ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (١)

خشتەکە وەسفکردنی ئاماریی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| تێکڕای کۆمەڵگەی توێژینەوە | نموونەی توێژینەوە | پەیدۆزی (الاستطلاعی) | نموونە (العینە) | | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٣٦ قوتابی | ٢٤ قوتابی | ١٢ قوتابی | کۆمەڵەی ئەزموونکاری | ١٢ قوتابی | %٣٣.٣٣ |
| | | | کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو | ١٢ قوتابی | %٣٣.٣٣ |

**دووەم:** چارەسەرکردنی ناوەڕۆکی فێرکردن بەپێی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە.

**سێیەم:** ئامادەکردنی ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە، پاشان بڕیاردان لە سەریان و خستنەڕوویان بۆ بەردەستی ژمارەیەک لە شارەزا و تایبەتمەندیی ڕێگاکانی گوتنەوە، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆییەکەی.

**ڕاستگۆیەتیی ئاشکرا:**

ڕاستگۆیی پێوەرەکە بە یەکێک لە گرنگترین مەرجەکانی هەڵبژاردنی باش دادەنرێت، لەپێناو بەکارهێنانی ئەم پێوەرەدا بۆ ناسینی ستراتیجیەتی فێربوونی هەڵگەڕاوە، بۆیە توێژەر پێوەرەکەی بەسەر ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕاندا لە شێوەی فۆرمێکی تایبەتدا, دابەشکرد، بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان لەسەر بڕگەکانی پێوەرەکە، دوای ئەوەی هەندێک بڕگەی هەموارکرانەوە، بە جۆرێک لەگەڵ بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بگونجێت (پەراوێز ژمارە٢)، شارەزایان و پسپۆران بڕیاریان لەسەر شیاویی پێوەرەکەدا و پێوەرەکە بە ڕێگەی هەموارکراو لە (٣٠) بڕگە پێکهاتووە.

**جێگیربوون:**

مەبەست لێی وردیی تاقیکردنەوەکەیە، ئەگەر هات و هەمان کەسان، هەمان نمرە، یان نزیک لەو نمرەیان بەدەستهێنا لە هەمان تاقیکردنەوەشدا لە کاتی جێبەجێکردندا بۆ زیاتر لە جارێک و لە هەمان هەلومەرجی هاوشێوەدا، ئەو کاتە بە تاقیکردنەوەیەکی جێگیر ئەژماردەکرێت (أبو علام ,٢٠٠٥:ل٣٧٠), لەپێناو بەدەستهێنانی جێگیربوونیشدا ڕێگای (تاقیکردنەوە-دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە) بەکارهێنرا، ئەم ڕێگەیەش بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵەی پەیوەست بەجێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان بوو لە

دوو تاقیکردنەوەی جیاوازدا سەبارەت بە کاتی جێبەجێکردنەکان، بە واتای ئەوەی کە جێگیربوون لەم ڕێگەیەدا بە واتای ئەوەی کە جێگیربوون بە ڕێگەی کاتی تۆمارکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەکە لە پێوەرەکەدا لە دووکاتی جیاوازدا بەکاردێت، ئاماژەشە بۆ جێگیربوونی نمرە دەرهێنراوەکان لە وەڵامی خودی کەسەکانەوە، کاتێک هەمان ڕاپرسییەکە پێ دووبارە دەکرێتەوە، بەڵام لە کاتی جیاواز و هەمان هەلومەرجدا، توێژەر ڕاپرسییەکەی لەسەر قوتابییانی قۆناغی سێیەم لە زانکۆی سۆران/ فاکەلتی پەروەردە (بەشی کوردی) جێبەجێکرد کە ژمارەیان (٨) قوتابی بوو هەبوونی جیاوازیی کات لە نێوانیان کە (١٤) ڕۆژ بوو، هەر هەموو ئەوانە بۆ چارەسەرکردنی داتا ئامارییەکان بوو، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٢) خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە ( ٢ )

ناوەندە حسابیی و لادانە پێوەرییەکان و هاوکێشە زانستیەکانی تاقیکردنەوەی پێوەری پاڵنەری فێربوون دەردەخات

| چارەسەرکردنە ئامارییەکە / هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە | جێبەجێکردنی یەکەم | | جێبەجێکردنی دووەم | | هاوکۆڵکەکانی جێگیربوون | ڕاستگۆیی خود | بابەتێتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سَ | ± ع | سَ | ± ع | | | |
| تاقیکردنەوەی پێوەری فێربوونی هەڵگەڕاوە | 40.125 | 7.043 | 33.875 | 4.898 | %95 | %٩٦ | ٩٩ % |

**ئامرازەکانیش بریتیبوون لە:**

١. تاقیکردنەوەی زانین بەپێی بابەتە تاووتوێکراوەکە لە وانەکانی ڕێگەی وانەگوتنەوەکان.

٢. پێوەری ئاراستەکان، ئاراستەکانی قوتابییانی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی پەروەردە دەپێوێت بە ئاراستەی کارایی ستراتیژی فێربوونی پێچەوانە لە فێرکردنی هەندێک ڕێگەی وانەگوتنەوە و وەبەرهێنانیان.

**چوارەم:** پێشکەشکردنی کورتەیەک دەربارەی پرۆژەکە بە قوتابییان، تیایدا بیرۆکەی لێکۆڵینەوەکە ڕووندەکرێتەوە و چۆنیەتیی جێبەجێکردنیشی. لەگەڵ دەرخستنی ئەرکی هەر ئەندامێک لە کۆمەڵەکە، چ لە کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو، یان کۆمەڵەی ئەزموونکاری، هەروەها ماوەی جێبەجێکردنیشی تیایدا ڕووندەکرێتەوە، سەرباری ئامرازە بەکارهێنراوەکان لە هێنانەدیی ئامانجەکانی.

**پێنجەم:** جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە لە کۆرسی یەکەمی خوێندنی زانکۆ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ _٢٠١٩)، جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە ماوەی دە هەفتەی خایاند، یەک بەشەوانە لە هەر هەفتەیەکدا.

**شەشەم:** کۆکردنەوەی داتاکان، شیکردنەوەیان، شرۆڤەکردنیان و دەرئەنجامەکانیان. لێکۆڵینەوەکە پشتی بە ناوەندەژمێری و لادانی پێوەریانە بەست، تاقیکردنەوە (ت)یەکان و ڕێژەی سەدی لە شرۆڤەکردنی ئەنجامەکانی.

**پێنجەم:** ڕێکارییەکانی ڕێکخستنی نموونەی نەخشەسازیکردنی فێرکاری:

دوای کۆتاییهاتنی بونیادنان و نەخشەسازیکردنی نموونەکە بە شێوەیەکی سەرەتایی، وێنە سەرەتاییەکەی نموونەکە خرایە بەردەستی کۆمەڵێک لە بەڕێزانی شارەزا، یان دادوەرانی تایبەتمەند لە بواری پرۆگرام و ڕێگەکانی وانەگوتنەوە، هەروەها بواری تەکنەلۆژیای فێربوونیش، ئەوەش بە ئامانجی ڕێکخستنی نموونەکە، دوای ئەنجامدانی هەموارکردنە گونجاوەکان، نموونەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت.

**شەشەم: ئامادەکردنی ئامرازەکانی پێوانەکردن:**

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد بۆ پێوانەکردنی ئاستی زانینی قوتابییان کە ژمارەیەک بابەتی بڕیار لەسەر دراوی لە ڕێگەکانی وانەگوتنەوە لەخۆگرتبوو، لەسەر قوتابییانی قۆناغی سێیەمی کۆلیژی پەروەردە، تاقیکردنەوەکە بە شێوەی پێشینەیی و دواییینەیی (قبلی و بعدی) لە سەر هەردوو نموونەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەزموونکاری و کۆنترۆلکراو بۆ پێوانەکردنی مانەوەی کاریگەریی فێربوون لەلایان.

**حەوتەم:** ڕێکارییەکانی پیادەکردنی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە سەر کۆمەڵەی ئەزموونکاری:

- **پیادەکردنی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە بۆ مامۆستا:**

دوای گەڕانەوە بۆ کتێب و توێژینەوە تایبەتەکان لە فێربوونی ئاوێتەکراو و فێربوونی هەڵگەڕاوە، قۆناغەکانی فێربوونی پێچەوانەدیاریکران. هەنگاوەکانی ستراتیژیی ئەو جۆرە فێربوونە بەم جۆرەی خوارەوە پیادەکران:

١. نەخشەسازی: شیکردنەوەی ناوەڕۆک و دەستنیشانکردنی ئامانجەکان بۆ فێرخواز دیاریدەکات بە مەبەستی تەماشاکردنی ڤیدیۆ.

٢. جێبەجێکردن: تۆمارکردنی گرتە ڤیدیۆی قۆناغەکانی ئەنجامدانی کار و ڕاڤەکردنی بابەت و داڕشتنی لەخۆدەگرێت، لە خستنەڕوویەکی بیستن و بینینیانە، هەروەها هەموو تاکەکانی کۆمەڵەی ئەزموونکاری لە بەرنامەی پەیوەندگیریی کۆمەڵایەتی "سکایپ" (SKYPE) بەشدارییان پێکرا.

٣. بەدواداچوونی دەرەوەی پۆل: لە میانی جەختکردنەوەو دڵنیابوون لە تەماشاکردنی ڤیدیۆکە لە لایەن فێرخوازانەوە، ئەوەش لە میانی مشتومڕی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەرەتای هەر وانەگوتنەوەیەک بە مەبەستی هاندانی قوتابی و وروژاندنی پاڵنەرێتیی لای بۆ تەماشاکردنی گرتە ڤیدیۆ ئامادەکراوە فێرکارییەکە پێش ئامادەبوونی لە وانەکە.

٤. پیادەکردنی ناو پۆل: ساز و ئامادەکردنی ژینگەی ناو پۆل و ڕاڤەکردنی بابەتی توێژینەوەکە و جێبەجێکردنی چالاکییەکانی ناو پۆل دەگرێتەوە.

٥. هەڵسەنگاندنی پێکهاتەیی (التقویم التكويني): ئاراستە و ڕێنماییکردن و ڕاییکردنی پیادەکردنی ناو پۆل و تێبینیکردنی ئەنجامدانی کار لە سەرەتای وانەکە و تا کۆتایی دەگرێتەوە.

**•پیادەکردنی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لای فێرخواز:**

**یەکەم:** لەماڵەوە:

_قوتابی دەست بە تەماشاکردنی ئەو ڤیدیۆ فێرکارییە دەکات کە ئەندامی دەستەی وانەگوتنەوە (توێژەر) لە ڕێگەی ئینتەرنێت، یان ئامێر و ئامرازە جیاوازەکانی دیکەی وەکو مۆبایلەوە بۆی ناردبوو، هەروەها پەیوەندگیری لەگەڵ هاوڕێکانی لە کۆمەڵەکە لە ڕێگەی ئامرازە

جیاوازەکانی پەیوەندگیریی کۆمەڵایەتی پێش ئامادەبوونی لە بەشەوانەی خوێندن.

_قوتابی تێبینییەکان و پرسیارەکانی لە کاتی تەماشاکردنی ڤیدیۆ فێرکارییەکە تۆمار دەکات.

**دووەم:** لە پۆلی فێرکاریدا:

_ قوتابی مشتومڕ و گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامی دەستەی وانەگوتنەوە (توێژەر) دەکات دەربارەی ئەو تێبینی و پرسیارانەی پێشتر و لە کاتی تەماشاکردنی ڤیدیۆکە تۆماری کردبوو.

_ قوتابی ئەوە  پیادەدەکات کە لە تەماشاکردنی ڤیدیۆکەوە فێری بوو لە میانی چالاکی و چاودێریکردنی دەستەی وانەگوتنەوە و هاوڕێکانی.

**هەشتەم:ـ** ڕێکارییەکانی وانەگوتنەوەی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو:

_ توێژەر وانەی بە کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو گوتەوە و هەمان پرۆگرامیشی پێگوتنەوە کە لەسەر کۆمەڵەی ئەزموونکاری پیادەکرابوو.

_هەمان ئامراز و تواناکانی وانەگوتنەوەی یەکەکانی بەکارهێنا، جگە لە ڤیدیۆ.

_وانەکە لە هەمان شوێنی تەرخانکراو بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵەی ئەزموونکاری  جێبەجێکرا.

ـ شێوازی ڕاڤەکردن و نموونەی لە وانەگوتنەوەی ئەو کارامەییانەی لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون بەکارهێنا کە ئەویش ئەو شێوازە بوو کە لە وانەگوتنەوەی کۆلیژدا بەکاردەهێنرێت.

ـ وانە بە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ئەزموونکاری و کۆنترۆلکراو لە ماوەی نێوان ٢٠١٨/١٠/٨ تاکو ٢٠١٨/١٢/١٦ گوترایەوە، واتە بۆ ماوەی (١٠) هەفتە بە داکەوتەی یەک یەکەی وانەگوتنەوە لە هەفتەیەکدا، کە کاتی یەکەکە گەیشتە (٩٠) خولەک.

**نۆیەم:**-پێوانە دوایینەییەکان (القیاسات البعدیە):

توێژەر دوای کۆتاییهاتنی لە جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە بنەڕەتییەکە و پیادەکردنی تاقیکردنەوە بە ئەنجامدانی پێوانەی دوایینەیی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونکاری و کۆنترۆلکراو لە ماوەی نێوان /١٢/١٨ ٢٠١٨وە، ئەوەش بە پیادەکردنی تاقیکردنەوەی زانین کە لە توێژینەوەکەدا هەبوو.

**دەیەم:**- چارەسەرییە ئامارییە بەکارهێنراوەکان:

ـ ناوەندە ژمێری

ـ ڕێژەی سەدی

ـتاقیکردنەوەکانی (ت)

ـ لادانی پێوەری

**ئەنجامەکانی توێژنەوە و شرۆڤەکردنی:**

ئامانج لە توێژینەوەکە پێوانەکردنی کارایی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە بوو لەسەر زانینی فێربوون لای قوتابییانی قۆناغی سێیەمی کۆلیژی پەروەردە.

توێژەر لێکۆڵینەوەی لە دروستیی گریمانەی یەکەمی گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکەی کرد، کە ئەم دەقە لەخۆدەگرێت: "جیاکاریی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونکاری و ناوەندی (متوسط) نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو لە پیادەکردنی پێشینەیی بۆ بەدەستهێنانی خوێندن".

(ت) بۆ بەراوردکردن لە نێوان ناوەندەکانی زانینی بەڵگەداری جیاکاریی لە ئاستی زانینی نێوان کۆمەڵەی ئەزموونکاری و کۆنترۆلکراو (پێشینەیی- قبلی) ئەژمار کرا. خشتەی ژمارە (٣) ئاماژە بەو ئەنجامانە دەکات کە پێی گەیشتوون.

**ئەنجامەکانی گریمانەی یەکەم:**

خشتەی (٣) ئەژماری (ت) بۆ بەراوردکاری نێوان ناوەندەکانی زانینی بەڵگەداریی جیاکارییە لە ئاستی زانینی نێوان کۆمەڵەی ئەزموونکاری و کۆنترۆلکراو پێشینەیی.

| پیادەکردنی دواییبنەیی | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | لووتکەی (ت)ی ئەژمارکراو | لووتکەی (ت)ی خشتەیی | بەڵگەداریی ئاماری |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| کۆنترۆلکراو | ١٢ | ١٨.١١ | ٤.٥١ | ٠,٦٢ | ٠,٣٤ | بەڵگەدار نییە لەئاستی ٠,٠٥ |
| ئەزموونکاری | ١٢ | ١٩.٣١ | ٤.٧٣ | | | |

لە خشتەی (٣) ئەمانە ڕووندەبێتەوە: جیاکاریی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونکاری و قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو لە پیادەکردنی پێشینەیی (القبلی) بۆ زانینی خوێندن نییە، ئەوەش لەبەرئەوەی بەهای ئەگەری تاقیکردنەوەی (ت) لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥) کەمترە لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامە گریمانەی یەکەم لە گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە پەسەنددەکرێت. ئەوەش بەڵگەی گونجانی هەردوو کۆمەڵەکە و نەبوونی جیاکاریی بنەڕەتی و کرۆکییە لە نێوانیان پێش پیادەکردنی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکە.

بۆ دڵنیابوون لە گریمانەی دووەمیش لە گریمانەکانی توێژینەوەکە، کە ئەم دەقە لەخۆدەگرێت: "جیاکاریی بەڵگەداریی ئاماری لە نێوان ناوەندی

نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونکاری و قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو لە پیادەکردنی دوایینەیی (البعدی) بۆ زانینی خوێندن لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونکاری هەبوو". بۆ ئەمەش تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو چاوگەنموونەی لە یەکتری جوودا بەکارهێنرا. خشتەی (٤) ئاماژە بەو ئەنجامانە دەکات کە پێی گەیشت.

**ئەنجامی گریمانەی دووەم:**

خشتەی (٤) ئەژماری (ت) بۆ بەراوردی نێوان ناوەندەکانی زانینی بەڵگەداریی جیاکاری لە ئاستی زانینی نێوان کۆمەڵەی ئەزموونکاری و کۆنترۆلکراو دوایینەییە (بعدی)، ئەنجامی گریمانەی دووەمیش بەم جۆرە بوو:

| پیادەکردنی دوایینەیی | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | لووتکەی (ت)ی ئەژمارکراو | لووتکەی (ت)ی خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆنترۆلکراو | ١٢ | ١١.٥٣ | ٢.٨٦ | ١٥.١٢ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە لە ئاستی ٠,٠٥ |
| ئەزموونکاری | ١٢ | ٢٢.٩٦ | ١.٨٦ | | | |

خشتەی (٤) بوونی جیاکارییە تاکییە بەڵگەدارییە ئامارییەکان لای ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونکاری و قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو لە پیادەکردنی (دوایینەیی) هەڵبژاردنی زانینی خوێندن لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونکاری بوو، بەمەش لە دروستیی گریمانەی دووەمی لێکۆڵینەوەکە دڵنیابوونەوە، کە ئەم دەقەی لەخۆگرتبوو: "جیاکاریی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونکاری و قوتابییانی

کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو لە پیادەکردنی دواییینەیی بۆ هەڵبژاردنی زانینی خوێندن لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونکاری" ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ پەسەندکردنی گریمانەی تایبەت بەم پرسیارە و دڵنیابوون لێی، بەمەش کارایی ستراتیژیی فێروونی پێچەوانە لە فێربوونی هەندێک ڕێگەی وانەگوتنەوە و وەبەرهێنانیان ڕووندەبێتەوە.

سەرنج لە سەر ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

• ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە پاڵنەرێتی لای قوتابییان زیاتر دەکات، لە کەشێکی فێرکردنی پڕ لە چێژ و خۆشەکردن و ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ و بەهێزکردن.

• ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە ڕێگەی ستراتیژیی هەمەڕەنگەوە، دەرفەتی مشتومڕ و گفتوگۆ و بەشداریکردن لای هەموو قوتابییان بە جیاوازیی ئاستی بەدەستهێنانی زانیارییان دەڕەخسێنێت.

• ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە جەخت لەسەر ڕۆڵی کارای قوتابییان لە کرداری فێرکردن و فێربوون دەکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی هوشیارانە کە لە سەر بنکەی زانینی زانستی دامەزرابێت و بە بەکارهێنانی تەکنیکە هاوچەرخەکان لە سایەی دەوڵەمەندیی زانیاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا.

**ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە پێشکەشدەکات:

١. هاندانی مامۆستایان لە سەر بەکارهێنانی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە و گرتنەبەری لە فێرکردنی بابەتە جیاوازەکانی خوێندن.

٢. پێویستی ئامادەکردنی بەرنامەی مەشقکاری بۆ ناسینی مامۆستایانی زمانی کوردی لەوەی بزانن ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە فێرکردندا چییە، چ لە کاتی ئامادەکردنیان، یان لە کاتی مەشق و ڕاهێنانیان.

٣. بایەخدان بە ڤیدیۆ فێرکارییەکان و بەشداریکردنی خودی قوتابییان لە ڕاڤەکردنی ئەو ڤیدیۆیانە، ئەمەش چەندین بەهایان لا گەشە پێ دەدات گرنگترینیان متمانەبەخۆبوونیان.

٤. هاندانی قوتابی لە سەر بەکارهێنانی تەکنیکە پەرەسەندووەکان بە شێوەیەکی کارا لە کرداری فێرکاری، وەکو تەوەرێکی بنچینەیی لە هێنانەدیی ئامانجە فێرکارییەکان بهێنێتەدی.

**پێشنیازەکانی توێژینەوە:**

بە پشتبەستن بەو ئەنجام و ڕاسپاردانەی کە ئەم توێژینەوەیەی ئێستا پێیگەیشتووە، توێژەر پێشنیازی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەی خوارەوە دەکات:

١. توێژینەوەی کارایی بەکارهێنانی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە خوێندن و وانەگوتنەوەی پرۆگرامە جیاوازەکانی خوێندن بۆ قوتابییانی زانکۆ و قوتابییانی قوتابخانەکان.

٢. توێژینەوەی کارایی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە پەرەپێدانی ئاستی قوتابییان لە بەدەستهێنان و فێربوونی بابەتەکانی دیکەی خوێندن.

٣.توێژینەوە کاریگەریی ستراتیژیی فێربوونی هەڵگەڕاوە لە هێنانەدیی وەبەرهێنانی فێرکردن لەسەر ئاستی دامەزراوە فێرکاری و کۆمەڵگەییەکان

## سەرچاوەکان


- ابو علام ، رجاء محمد شريف ، نادية محمود : ٢٠٠٥ ، الفروق الفردية وتطبيقاتها التربوية ، ط٣ ، دار القلم ، الكويت .

- الكحيلي, ابتسام , ٢٠١٥ فاعلية الفصول المقلوبة في التعلم ، دار الزمان للنشر والتوزيع ، المدينة المنورة ،السعودية .

- الخليفة ,حسن جعفر و ضياءالدين محمد مطاوع : ٢٠١٥ استراتيجيات التدريس الفعال ، مكتبة المتنبي ، الرياض ، السعودية.

- دردسة , ٢٠١٤ مبادرة التعليم المنعكس على موقع دردسة ، http//www.dardasa.com .

- لافي , سعيد عبدالله, ٢٠١٢ اسليب تدريس، طبعة اول، عالم الكتب، قاهرة ,مصر.

- الشرمان, عاطف أبو حميد, ٢٠١٥ التعلم المدمج والتعلم المعكوس ، دار وائل للنشر ، عمان ،الاردن.

- الشامسي, عبداللطيف , ٢٠١٣ صناعة التعليم الفصل المقلوب ، من موقع إمارات اليوم، http://www.emaratyalyoum.com/opinion .

- سيفين ,عماد شوقي ,٢٠١١ المعلم في عصر العولمة والمعلومات ،عالم الكتب ، طبعة الاول ، القاهرة ،مصر.

- السليتي, فراس, ٢٠٠٨ استراتيجيات التعليم والتعلم النظرية والتطبيقية ، عالم الكتاب الحديث ، قاهرة ,مصر.

- زغلول وأخرون ,محمد سعد,٢٠٠١ تكنولوجيا التعليم وأساليبها في التربية الرياضية ، مركز الكتاب للنشر ، القاهرة .

- زوحي, نجيب, ٢٠١٤ ماهو التعلم المقلوب ( المعكوس) ، . http//www.net-educ.com/la-classe-inversee

– البلوشية ,نوال سيف محمد, ٢٠١٨فاعلية استراتيجية الصف المقلوب في تعلم اللغة العربية واستثمارها ، المؤتمرالدولي اللغة العربية،كلية بريم الجامعي، ديسمبر، الامارات .

– ربيع, هادي مشعان, ٢٠٠٦تكنولوجيا تعليم المعاصر الحاسوب والانترنيت ، مكتبة المجتمع العربي ، الاردن .

– هارون ، الطيب أحمد حسن وسرحان ، محمد عمر موسى, ٢٠١٥ فاعلية نموذج التعلم المقلوب في التحصيل والأداء لمهارات التعلم الإلكترونية لدى طلبة البكالوريس بكلية التربية ، ورقة قدمت للمؤتمر الدولي الأول لكلية التربية " التربية افاق مستقبلية " والذي عقد خلال الفترة (١٢-١٥)-ابريل, القاهرة.

– **Ball,Nick. Dean, Douglasl. Kandalls** . , 2013 Flipping the classroom and Instructional Technology Integration in A college-level Information Systems Spreadsheet course. Educational Technology Research and Development. 61(4).560-563.

– **Bergmann, J &sams, A.** 2012.The short history of flipped learning, Flipped Learning network.

– **Bishop ,J&Verleger, M**(2013). The Flipped Classroom: A Survey of the Research *American Society for Engineering Education Journal,6(2),23-26.*

– **Brame , Cynthia J.** 2015Flipping the classroom, Vanderbilt University. Retrieved may,. from: https://cft.vanderbilt.edu/guides-sub-pages/flipping-the-classroom/

- **Butt, Adam.** , 2014 Student Views on the Use of lecture Time and their Experience with a Flipped classroom Approach. Social Sciences Comprehensive works. Retrived ProQuest Central. 14-1- .

- **Fulton, K.** , 2012 Upside down and inside out: Flip your classroom to improve student learning , Learning & Leading with Technology, 39 (8), 12-17.

- **Johnson ,L.W., & Renner, J.D**. 2012Effect of flipped classroom model on a secondary computer applications course: Student and teacher perceptions, questions. And student achievement. Unpublished Doctoral Dissertation University of Louisville, Kentucky, USA. https//theflippedclassroom.files.wordpress.com 2012/4/johanson-renner-.pdf

- **Zhou G.&jiang X** (2014) Theoretical Research and Instructional Design of the Flipped Classroom Applied Mechanics and Materials , Vols . 543-547 pp 4312-4315.

**پەراوێز:**

**یەکەم:**

تاقیکردنەوە بە شێوەی سەرەتایی: دوای سەرنجدانی شارەزایان بە شێوەیەکی سەرەتایی، ژمارەیەک بڕگە سڕرانەوەو زیاد کران لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە، دوای هەموارکردنەوەیشی تاقیکردنەوەکە بە شێوەی کۆتایی دەرکەوت.

| ژ | دەستەواژە | رازیم | دڵنیا نیم | نارازیم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەست بە ئاسوودەیی دەروونی دەکەم لە بەشە وانەی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە. | | | |
| ٢ | ڕێگەکانی وانەگوتنەوەی مامۆستا بە ستراتیژی فێربوونی هەڵگەڕاوەلە ڕێگاکانی وانەگوتنەوەدا چالاکی بەخشە. | | | |
| ٣ | ئامادەکردنی پێشوەختەی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لەگەڵ هاوڕێکانم لە تێگەیشتنی بابەتە بڕیار لە سەر دراوەکان و ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە باشی یارمەتیم دەدەن. | | | |
| ٤ | هەست بە چێژوەرگرتن دەکەم، کاتێک بابەتەکە بە ڕێگەکانی وانەگوتنەوەی ڤیدیۆیی پێشکەش دەکرێت | | | |
| ٥ | لە ڕێگەی فێربوونی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە ستراتیژی پێچەوانە فێربوون، دەتوانم | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | گفتوگۆو مشتومڕ لەگەڵ هاوڕێکانم لە سەر بابەتی تاووتوێ کراو بکەم، دوای خوێندنەوەی بابەتەکە. | | | |
| ٦ | فێربوون بە ستراتیژی فێربوونی پێچەوانەیارمەتیی تێگەیشتنم دەدات لە ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بەپێی هەنگاوی تایبەتی خۆم لە فێربوون. | | | |
| ٧ | فێربوون بە ستراتیژی فێربوونی پێچەوانەیارمەتیم دەدات لە فێربوونی کارامەییەکانی وانەگوتنەوە | | | |
| ٨ | فێربوونی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە ستراتیژی فێربوونی هەڵگەڕاوە، تواناکانم لە سەر بیرکردنەوەو توێژینەوە گەشە پێ دەدەن. | | | |
| ٩ | لە ئەنجامی فێربوونم بە ستراتیژی پێچەوانە فێربوون، بە شێوەیەکی باشتر لە ڕێگەکانی وانەگوتنەوە تێدەگەم | | | |
| ١٠ | هەست بە سوودوەرگرتنی زانستی دەکەم لە ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە ستراتیژی فێربوونی پێچەوانەلە تێگەیشتن، نەک لەبەرکردن. | | | |
| ١١ | وام پێ باشترە هەموو وانەکان بە ڕێگەی وانەگوتنەوە بە ستراتیژی فێربوونی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | پێچەوانەبگوترێنەوە. | |
| | | | فێربوون بە ستراتیژی پێچەوانە فێربوون، دەرفەتی خۆ فێرکردنم بۆ دەڕەخسێنێت. | ١٢ |
| | | | فێربوون بە ستراتیژی پێچەوانە فێربوون، دەرفەتی مامەڵەکردنم لەگەڵ تەکنەلۆژیا بۆ دەڕەخسێنێت. | ١٣ |
| | | | پێموایە فێربوونی بابەتی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە ستراتیژی فێربوونی پێچەوانەسوودبەخشە لە تێگەیشتنی کارامەییەکانی. | ١٤ |
| | | | فێربوون بە ستراتیژی فێربوونی پێچەوانەدەرفەتی فێربوونی ڕێگەکانی وانەگوتنەوەم بۆ دەڕەخسێنێت لە هەر کاتێک بۆم بگونجێت. | ١٥ |
| | | | ئاسانکاری لە وەڵامدانەوەی ڕاهێنانی وانەگوتنەوەکان لە کتێبی قوتابخانەدا دەبینم، کاتێک بە ستراتیژی فێربوونی هەڵگەڕاوەلێی دەکۆڵمەوە. | ١٦ |
| | | | هەست بە خەمۆکی دەکەم کاتێک ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە ستراتیژی فێربوونی پێچەوانەپێشکەش دەکرێن. | ١٧ |
| | | | وانەگوتنەوەی مامۆستا بە ڕێگەی ستراتیژی فێربوونی پێچەوانەهەست بە ماندوو بوون | ١٨ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | دەکەم. | | | |
| ١٩ | فێربوونی ڕێگەی وانەگوتنەوە بە ستراتیژی فێربوونی هەڵگەڕاوە، ڕێگەی مشتومڕو گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاو هاوڕێکانم لێ دەگرێت لە گەڕانەوە بۆ بابەتی تاوتووێ کراو، دوای خوێندنی بابەتەکە. | | | |
| ٢٠ | لە فێربوونی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە ستراتیژی  فێربوونی هەڵگەڕاوەئاستەنگ دەبینم. | | | |
| ٢١ | لە فێربوونی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە ستراتیژی فێربوونی هەڵگەڕاوە، هەست بە کەمی سوودی زانستی دەکەم. | | | |
| ٢٢ | پێموایە فێربوون بە ستراتیژی  فێربوونی پێچەوانەلە بابەتی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە دەرفەتی خۆفێرکردنم لەدەست دەدات. | | | |
| ٢٣ | هەست بە ماندووبوون دەکەم کاتێک ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە شێوەی ڤیدیۆ پێشکەش دەکرێت. | | | |
| ٢٤ | ستراتیژی  فێربوونی پێچەوانەیارمەتیی هەمەڕەنگ بوونی وانەگوتنەوە بە ئاسانی دەدەن. | | | |
| ٢٥ | بەکارهێنانی ستراتیژی  فێربوونی پێچەوانەکاری چالاک بوونی کرداری | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | فێربوونەو ئاستی پاڵنەرێتیی فێربوونیش زیاد دەکات. | | | |
| ٢٦ | ئاستەنگی لە فێربوونی کارامەیی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە دەبینم بە ستراتیژی پێچەوانە فێربوون. | | | |
| ٢٧ | فێربوونی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە ستراتیژی پێچەوانە فێربوون، تواناکانم لە بیرکردنەوەو توێژینەوە سنووردار دەکات. | | | |
| ٢٨ | ستراتیژی فێربوونی پێچەوانەلە دەرفەتی گفتوگۆم لەگەڵ هاوڕێکانم لە فێربوونی بابەتی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە کەم دەکاتەوە. | | | |
| ٢٩ | وا هەست دەکەم فێربوون بە ستراتیژی پێچەوانە فێربوون، لە بەدەستهێنانی زانیاری لە بابەتی ڕێگەکانی وانەگوتنەوەو کارامەییەکانی کەم دەکاتەوە | | | |
| ٣٠ | وا هەست دەکەم فێربوون بە ستراتیژی فێربوونی پێچەوانەلە بابەتی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە بە فیڕۆدانی کات و توانایە. | | | |

**دووەم:**

ناوی پسپۆرانی و شارەزایان کە ڕا وسەرنجیان هەبووە لە ڕێککاریەکانی توێژیتەوەکە.

| | ناو | زانکۆ | پسپۆری |
|---|---|---|---|
| | پ.د. حامد مصطفی بلباس | زانکۆی سلاحەددین کۆلێژی پەروەدەی وەرزش | ریگاکانی وانەوتنەوە |
| | پ.د. پەحشان جمال احمد | زانکۆی سلاحەددین کۆلێژی پەروەدەی | ریگاکانی وانەوتنەوە |
| | پ. د. حسێن سعدی ابراهیم | زانکۆی سلاحەددین کۆلێژی پەروەدەی وەرزش | ریگاکانی وانەوتنەوە |
| | پ.د. ابراهیم احمد شوان | زانکۆی سلاحەددین کۆلێژی زمان | ئەدەبی کوردی |
| | پ.د. افراح یاسین محمد | زانکۆی سلاحەددین کۆلێژی پەروەدەی | تەکنیکیە پەروەردەیەکان |

**ملخص :**

اتجاه جديد نحو استخدام استرتيجية التعلم المنعكس في التدريس, يهدف هذه الدراسة إلى الكشف على التعرف عن هذه الاستراتيجية على تفعيل دور الطلبة في العملية التعليمية واستثمرها استثماراً معريفياً فكرياً ، في ظل التقدم التكنولوجيا والثراء المعلوماتي. تم استخدام المنهج شبه التجريبي للمقارنة بين المجموعة التجريبية (١٢ طلبة) و المجموعة الضابطة (١٢طلبة). وقد تم تدريس المجموعة الضابطة بالطريقة التقليدية بينما تم تدريس المجموعة التجريبية بطريقة التعلم المنعكس . تم استخدام اختبار تحليل التباين المتعدد للكشف عن وجود فروق دالة إحصائية بين متوسطات المجموعتين بنسبة المتغيرات التابعيين :التحصيل و تفعيل دور الطلبة واستثمارها. أظهرت النتائج وجود فرق ذو دلالة إحصائية لصالح المجموعة التجريبية في توسط التحصيل و كذلك في استثمار تعليمها.

**الكلمات المفتاحية**: تعلم المنعكس ، استثمارها

## Abstract

This paper aims to expose the recognition of learning strategy reflexed, which has a role to play in educational processes. The benefits and challenges of the technology and knowledge abundance in educating students were disclosed as well. The impact of introducing technology and information richness on students' ability and self-study abilities was also analyzed. The semi-experimental procedure was used to compare the experimental and control classes (12 students); the control group was taught using the conventional approach, while the experimental group's teaching was based on the Reflex Learning Method. A multiple regression analysis was used to show statistical differences in the average values of the dependent variables between the two classes. Educators' positions in students' lives and the resulting student investment. The findings showed that the experimental community was more effective in the mediation of selection and the expenditure of its schooling.


**Keywords: Reflex Learning method, Investing.**